# کێشەی کوردستان و فەلەستین

# لەنێوان "هەڤاڵبەندێتی"ی درۆزنەی رژێمی ترک و رژێمی ئیسرائیلدا

# ئەرێ، بەڕاستی، کێ کێی هەڵخڵەتاند؟

ئەڵمانیا: جەمال نەبەز

کێشەی کوردستان و فەلەستین، دووکێشەی قورس و زەقی رۆژهەڵاتی ناڤین و ئەم جیهانەن و، هەردووکیان بریتین لەدۆزی دوونیشتمانی داگیرکراو، هەرچەندە، لەگەلێک رووەوە، لەیەکناچن. بۆ وێنە: فەلەستین، هەر لەلایەن یەک دەوڵەتەوە کە ئیسرائیلە داگیرکراوە، لەکاتێکدا کوردستان، لەلایەن پێنج دەوڵەتەوە داگیرکراوە. بزووتنەوەی رزگاریخوازیی فەلەستین، بەنێزیکە، هەموو جیهان (رژێمی ئیسرائیل و ئەمریکای لێدەرکەیت) پشتگیریی لێدەکات و، رژێمی ئیسرائیل، وەک دەستدرێژکەر تاوانباردەکات. کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکانیش، شێلگیرانە، بەدوای چارەسەرێکدا دەگەڕێ بۆی و، لەلایەن ژمارەیەکی زۆر لەدەوڵەتە عەرەبی و ئیسلامییەکانەوە، بە پارە و چەک و دالدەدانی ئەندامەکانی، یارمەتیدەدرێ.فەلەستین، لەسنوورێکی نێونەتەوەییدا، بە نیشتمانێکی داگیرکراو دەدرێتە قەڵەم و، مافی دامەزراندنی دەوڵەتی فەلەستین (تەنانەت لەم دواییەدا، لەلایەن ئیسرائیل خۆی و ئەمریکای هەڤاڵبەندییەوە) بەئاشکرا باسدەکرێ. بەڵام، بەپێچەوانەی ئەمەوە، کێشەی کوردستان بەرەورووی بێدەنگییەکی گشتگیربووەتەوە و، تەنانەت، تاکەیەک دەوڵەتیش لەم جیهانە پان و بەرینەدا دەستناکەوێ، کە هێندە زات و ویژدانی هەبێ، ئەگەر بۆ تاکە جارێکیش بووە، خۆی بکاتە خاوەنی کێشەکە و بیباتە بەردەم کۆمەڵەی نەتەوە یەکگرتووەکان. کوردستان، لەوشەنامە و نەخشەی دیوانی (رەسمی)ی دەوڵەتانی جیهاندا، هیچ نێونیشان و شوێنێکی پێرەوا نابینرێ و، بەپێچەوانەی فەلەستینەوە، بە وڵاتێکی داگیرکراو دانانرێ، بەڵکو هەرپارچەی بەبەشێک لەدەوڵەتێک، کە هیچیان دەوڵەتێکی کوردی نین و، ئەم دەوڵەتانە؛ کوردستان بە بەشێکی لەدابڕیننەهاتووی وڵاتی خۆیان دەزانن و، بۆ تواندنەوە و تەفروتوونەکردنی کورد؛ هەوڵیانداوە و دەدەن. جا لەبەرئەوەی داگیرکەرانی کوردستان، لەسەر ئاینی ئیسلام دەژمێردرێن، سووت لەم ئاینە وەردەگرن بۆ لەنێوبردنی کورد، کە لەنیوە پتریان موسڵمانن. ئەمە لەکاتێکدا کە ئیسرائیل ناتوانێ فەلەستینییە موسلمان و دیانەکان بتوێنێتەوە لەنێو زمان و فەرهەنگی خۆیدا، چۆنکە ئەوی وەک جوو لەدایکنەبووبێ؛ ناتوانێ و بۆی نییە ببێتە جوو، بەڵام هەر جوویەک بییەوێ، دەتوانێ ببێتە موسڵمان و کە بووش بە موسڵمان دەتوێتەوە.

لەکاتێکدا رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان و، لەپێش هەموویانەوە رژێمی ترک، ئامادەنین لەرێی وتووێژەوە، چارەسەرێک بۆ کێشەی کورد بدۆزنەوە و، بزووتنەوەی کوردایەتی و رزگاریخوازی کورد، بە بزووتنەوەیەکی "تێرۆریستی" و "فیتی بێگانە" دەدەنە قەڵەم و، بەهێزی لەشکر و چەکی قڕکەری کیمیایی و فۆسفۆڕی سەرکوتی دەکەن، رژێمی ئیسرائیل، ئەگەرچی بەرامبەر هەموو دەستوەشاندنێکی فەلەستینییەکان؛ کە بە"تێرۆر" نێویدەبات، بەوپەڕی توندوتیژییەوە وەرام دەداتەوە، لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل با، لەناچاریشەوە بێ، دان بە بوونی وڵاتی فەلەستین و کێشەی فەلەستین دادەنێ و، زمانی عەرەبی، وەک زمانی عیبری، بەفەرمی (رەسمی) دەناسێنێ و، هەموو کاتێک ئامادەبووە و ئامادەیە، لەگەڵ فەلەستینییەکان و عەرەبەکان دابنیشێ و، بکەوێتە گفتوگۆ لەگەڵیان بەنیازی گەیشتن بەرێکەوتنێک بۆ کێشەکە. بەڵام ئەم ئامادەییەی ئیسرائیل، نێزیکەی پەنجاساڵە دەست بەڕوویەوە نراوە و، کە **سەرکۆماری میسر، ئەنوەر سادات** (١٩١٨-١٩٨١) لەساڵی ١٩٧٩دا، ورەی دایەبەر خۆی و، دانی بەمافی ئیسرائیلدانا و، پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ ئیسرائیل بەست، کە بەپێی ئەوە، ئیسرائیل نێوچەی سینای دایەوە بە میسر، کە لەشەڕی شەش رۆژەی ١٩٦٧دا داگیریکردبوو، ئەوەبوو سادات لەلایەن **خالید ئیسلامبۆلییەوە**، بە کوشتن سزای درا. لێرەدا دەبێ ئەوەش بێژم، ئەمەی بەسەر ئەنوەر سادات هات، کە نانخۆرێکی شای لێخراوی ئێران بوو و، یەکێک بوو لەهەندازیارانی **پەیماننامەی جەزایری نێوان شا و سەددام (١٩٧٥)**، بەسەر **ئیسحاق رابینی کۆنە ئەفسەری سوپای ئیسرائیلیش هات، کە زاتی ئەوەی کرد؛ وەک سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل،** لە١٩٩٣/٩/١٣دا، بە **نێوبژێکاریی سەرکۆماری ئەوددەمەی ئەمریکا بیل کلینتن، پەیمانێکی ئاشتی لەگەڵ یاسر عەرەفات (١٩٢٩-٢٠٠٤) سەرۆکی فەلەستینییەکان ببەستێ و، نێوچەی غەززە و ئەریشۆ، بداتەوە بەفەلەستینییەکان وەک هەرێمێکی ئۆتۆنۆمیدار. بۆ سزای ئەمە، رابین لە١٩٩٥ دا، بەدەستی تێرۆریستێکی جوولەکە شەهیدکرا.** بەپێویستیدەزانم ئەوە بێژم کە رابین، بەپێچەوای نەتەنیاهوو و شارۆن و گەلێک لەسەرکردەکانی دیکەی ئیسرائیلەوە، شۆڤێنیست و شەڕخوازنەبوو، حەزی بە ئاشتی و ئارامی دەکرد. لەنامەیەکی شیریندا کە لەرێی هاوبیری بەرێز هەندازیار بروسکە ئیبراهیمەوە، بۆ "**ئەکادێمیای کوردی بۆ زانست و هونەر**"ی ناردبوو، لەوەرامی گلەیی و بێزاریی ئەکادیمیادا لەهاوکاریی ئیسرائیل لەگەڵ رژێمی ترک دژی کورد، باس لەوە دەکات کە هەموو گەلەکانی رۆژهەڵاتی ناڤین، مافی ئەوەیان هەیە بە ئازادی بژین. ئەم نامەیە لەئارشیڤی ئەکادیمیادا پارێزدراوە.

**وەک گوتم،** رژێمە عەرەبییەکان، تا ناچارنەکران، روویان لەوە نەکرد بەپیر بانگی ئیسرائیلەوە بچن بۆ وتووێژ و رێکەوتن. بەڵام بە پێچەوانەی ئەمەوە، هەرکاتێک رژێمە داگیرکەرەکانی کوردستان، روویەکی خۆشیان لەکورد نابێ، ئەوا حیزبە کورد زمانەکان، دەستبەجێ بەتەقلەلێدان چوونەتە خزمەتیان و ئەم داگیرکەرانەیان بە "براگەورە"ی خۆیان نێوبردووە،

لەگەڵ ئەوەشدا؛ لەم "**برایەتیی خاوەن چێشتخانە و چێشتکەران**"ە، هیچ خۆراکێک تائێستا بۆ کورد نەچووەتە سەر ئەم "**سفرەی برایەتی**"یە.

لێرەدا پێویستە بگوترێ، سەرکردە دەرەبەگە ملهۆڕەکانی ڕژێمە عەرەبەکان؛ چۆن پەنجاساڵ مەترسیی ئیسرائیل و کێشەی فەلەستینیان کردە بیانوویەک بۆ درێژەدان بە فرمانڕەواییی دیکتاتۆرانەی خۆیان و هەزاران کەسیان کوشت و هەزارانیشیان بەکوشتدا، بە نێوی رزگارکردنی "**خاکی پیرۆز**" (**قودس**)ەوە، لەدەست "زایۆنیزمی گەمار و بیژی" و، وەک پاڵەوانکەچەڵ کەوتنە بانگەشەی لەنێوبردنی ئیسرائیل و فڕێدانی جوولەکە "پیسەکان" بۆ نێو زەریا و، هیچیشیان تائێستە بۆ فەلەستینییە خێوەتنشینە داماوەکان نەکردووە، هەر ئاواش سەرانی حیزبە کوردزمانەکان، کە بوونەتە مێردەزمە بەسەرسنگی رەشوڕووتی کوردەوە، ئەمە پەنجاساڵ پترە، نان لەفشەکوردایەتی دەخۆن و، هەزاران هەزار کوردیان بە کوشتداوە و هیچیشیان بۆ کورد نەکردووە. ئەم قەوارەیەی کە لەباشووری کوردستاندا دروستبووە و، لەسەر تاڵەموویەک بەندە، لەئەنجامی هەلومەرجێکی  نێوچەیی و نێونەتەوەیی تاکهەڵکەوتووەوە، هاتەبوون، نەک لەئەنجامی ئەو قوربانییە بێوێنەییەی جەماوەری کوردستان داوێتی و، ئەوەی ئەم سەرانە پێیدەڵێن "**خەبات**". ئەمەش، هەرقسەی ئەوڕۆم نییە، لەساڵی١٩٩٣ دا ئەمەم گوتووە و لەوسایەوە چەندجارێک جەختم کردووەتەوە (سەرنجی: کوردنامە "ژ. ٢٣، گوڵانی ١٩٩٣ بدە، ئەم وتووێژە بە عەربی کراوە لەگەڵم). بێجگە لەمانەش، لەنێوان فەلەستین و کوردستاندا جیاوازییەکی دیکەش زەق دەبێتەوە: **مێژوو دەگێڕێتەوە بۆمان کە کورد لەدەورانی یەکجارکۆندا، ئیمپراتۆرێتیی ماد (میدیا)یان دامەزراندووە، کە خاکێکی یەکجار پانوبەرینی لەرۆژهەڵاتی دوور و ناڤین و نێزیکدا گرتووەتەوە و، هەرئەم ئیمپڕاتۆرێتییە، بووەتە هۆی دروستبوونی دەوڵەتی هەخامەنشی و پارتی و، پاش ئەوەش ساسانی و، دوای ئەمەش، لەسەردەمی فەرمانڕەوایی ئیسلامیشدا و، تا نێوەڕاستی سەتەی ١٩، گەلێک میرنشینی بەهێز و سەربەخۆی کوردستانی هەبووە و، لەنیوەی یەکەمی سەتەی رابوردوودا، شانشینییەک (١٩١٩-١٩٢٤) و کۆمارێکی کوردستانی (١٩٤٦)، بۆ ماوەیەکی کورت دامەزراون.** ئەمە لەکاتێکدا، کە لەمێژوودا و تائێستە، هیچ دەوڵەتێکی عەرەب بەنێوی دەوڵەتی فەلەستینەوە لەفەلەستیندا نەبووە. جووەکان، پێش عەرەب، لەفەلەستیندا ژیاون و دەوڵەتیان هەبووە. بابلییەکان لە٥٨٦ ی پێش زاینیدا پەیکەری سلێمانیان رووخاندووە و جوولەکەکانیان دیل کردووە و رەوانەی سەرزەویی **مێزۆپۆتامیا**یان کردوون و لەنێو کوردستاندا ماونەتەوە کە وڵاتی "میدیا" بووە. پاش حەفتاساڵ گەڕاونەتەوە شوێنی خۆیان. ئەوجا دەوڵەتەکەیان لەساڵی ٧٩ی زاینیدا، لەلایەن رۆمەکانەوە، رووخێنراوە و، زۆربەی جووەکان بوونەتە کۆچەر، بەڵام هێندێکیان هەر لەشوێنی خۆیان ماونەتەوە. کاتێک جووەکان لەلایەن بابلییەکانەوە رەوانەی مێزۆپۆتامیا کراون، حەوت هۆزیان لەوڵاتی میدیا (کوردستانی کۆن)دا نیشتەجێبوون و، ئەوانە بنەچەو رەچەڵکی کوردە

مووساییەکانی ئەوڕۆن. لەگەڵ ئەم جیاوازییانەشدا؛ لەنێوان فەلەستینی و کورد و فەلەستین و کوردستاندا، لەیەکچوونێکی بنەڕەتیی هەیە. کوردستان و فەلەستین هەردووکیان، دوونیشتمانی داگیرکراون وهەردووکیشیان مافی سەربەخۆبوونیان هەیە.هەڵوێستی دوژمنانەی حیزبە فەلەستینییەکان و سەرکردەکانیان بەرامبەر بە کورد و، پشتگیرییان بۆ سەددام وبنەماڵەی ئەسەد و رژێمی ئێران و، بوختان و درۆودەلەسە هەڵبەستنیان بۆ کورد، نابێ وابکەن لێمان، دان نەنێین بە مافیاندا بۆ سەربەخۆیی. چۆنکە ئەمە پێوەندیی بە ئازادی و یەکسانیی مرۆڤەوە هەیە. بەڵام ئەم دانپێدانانەش، بەو مانایەنییە و نابێ؛ کە مافی ئەوەیان هەبێ ئیسرائیل بەجارێک لەنێو ببەن. ئیسرائیلیش مافی مان و ژیانی هەیە وەک ئەوان و، کەس بۆی نییە لەڕێی بەکارهێنانی زۆرەوە لەنێوی ببات. ئەم هەڵوێستەش، هەر هەڵوێستی ئەوڕۆم نییە و، هەڵوێستی پەنجاساڵی لەمەوبەرمە، کە ئەوکاتە ئەوی بەسووسەیەک قسەی وایبکردایە، دەبوو سزای مەرگ لەبەرچاوی خۆی دابنێ. بەدرێژایی ساڵانیش هەوڵمداوە لەگەڵ ئەو فەلەستینی و ئیسرائیلیانەی ناسیومن، وابکەم لێیان کە گوێ لەدەموکاوێژی شۆفێنیستە عەرەب و ئیسرائیلییەکان نەگرن و دان بەمافی یەکتردابنێن و، دەمێکە پێشبینی ئەوەمکردووە کە رۆژێک دێ، ناچاربن، مل بۆ دەنگی ئاشتی شلبکەن، جا تازووتربێ چێترە. **(سەرنجی سەمینارەکەم بدرێ لە ستۆکهۆڵم (سوێد) لە ١٩٨٥/٥/١١ دا لەژێر نێوی "دۆزی ناسیۆنالی کوردستان... هتد، چاپی سوێد ١٩٨٧، چاپی لەندەن ٢٠٠٢، چاپی هەولێر ٢٠٠٧ ئەم سەمینارە بە زمانی ئەڵمانیش هەیە. سەرنجی ماڵپەڕی کوردبوون** www.kurdbun.de **بدرێ).**

ئەوەی راستی بێ، هۆی هەردووکێشەکە، لەبنەڕەتدا، فەلەستینی و ئیسرائیلی نەبوون، بەڵکو دەوڵەتە ئەورووپاییەکان بوون، کە پاش جەنگی یەکەمی جیهانی، دەستی کورد و، پاش جەنگی دووەمی جیهانی، دەستی جووش و دەستی فەلەستینییەکانیشیان برِی. هەڤاڵبەندانی ئەورووپایی سەرکەوتوو لەجەنگی یەکەمدا، **(بەتایبەتی بەریتانیا و فەرەنسا و ئیتالیا)**، چۆن و بەچ جۆرێک، **پەیماننامەی سێڤری ساڵی ١٩٢٠** یان **(کە بەڵێنی دامەزراندنی کوردستانێکی سەربەخۆی خستەپێش چاوی کورد)** بێشەرمانە پووچکردەوە و، گۆڕییان بە **پەیمانی لۆزان (١٩٢٣)** و کوردستانیان لەتوپەتکرد و، هەر لەتەیان نووساند بە دەوڵەتێکی دەستکردی ناسیونالیستی رژێم دەرەبەگی دیکتاتۆری ترک و عەرەب و فارسەوە، هەر ئاوهاش و بەوجۆرە، کە کۆڕی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان لە ١٩٤٧دا بڕیاری دامەزراندنی دوودەوڵەتیان لەسەر خاکی فەلەستین دا، یەکێکیان بۆ عەرەب و ئەوی دیش بۆ جوو، کە ئەودەمە فەلەستین، کۆلۆنییەکی بەریتانیا بوو؛ ئەم بڕیارە، هەر مەرەکەبی سەرکاخەز بوو، چۆنکە بەریتانیاییەکان، ئەگەرچی وەزیرەکەی دەرەوەیان Arthur James Balfour (کە جارێکیش سەرۆکوەزیران بوو) لە١٩١٧دا بەڵێنی دەوڵەتێکی بە جوو دابوو کە لەفەلەستیندا دابمەزرێ، بەڵام بەریتانیا و کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان، نەچوون هاوکاریی و سەرپەرشتیی و چاودێریی دامەزراندنی

ئەو دوو دەوڵەتە بکەن، بەڵکو بەریتانیاییەکان، خۆیان لەفەلەستین کێشایەوە و، عەرەب و جوویان لەیەکبەردا. (**ئەوەش وەک ساڵی ١٩٧٣ کە خۆیان لەنێوچەی کەنداو کێشایەوە و، سێ دورگە - جەزیرە) ی عەرەبیان رادەستی شای ئێران کرد و، عەرەبیش لەبێدەسەڵاتیدا تا ئەورۆ هەر ناڵەناڵیانە**) خۆ **ئەگەر سەرکردەی جووەکان، داوود بن گوریۆن (١٨٨٦- ١٩٧٣)** کە بەبنەچە پۆلۆنی و سەرۆکی حیزبی ماپای بوو، لە١٩٤٨/٥/١٤دا ئازایانە بانگەوازی سەربەخۆیی ئیسرائیلی نەدایە و، پێشمەرگەکانیان کە بە **"هەگانا"** ناسرابوون، ئەرکی پاراستنی ئەو سەربەخۆییەیان لەئەستۆ نەگرتایە، ئەوا ئەو بڕیارەی کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکان، بەدەردی پەیماننامەی سێڤر دەچوو، کە کورد، بەداخەوە، پاش واژۆکردنی پەیماننامەکە لەلایەن هاوپەیمانان و سوڵتانی عوسمانییەوە، پاڵیان لێدایەوە و، نەچوون یەکسەر بانگی سەربەخۆیی لەکوردستاندا بدەن، بەڵکو چاوەڕوانی فەرمانی ئەوروپاییەکان بوون. **جووەکان، لەمەدا، زۆر هۆشیارانە هاتنەدەست و دەرفەتیان قۆستەوە و چاوەڕوانی "پیرۆزبایی"ی ئەوروپایان نەکرد و، هیچ ئینگلیزێکیشیان بەرامبەر بەڵێنی "بەلفوور"، گوڵباران نەکرد و، بەلفووریان نەکرد بە "خواجا" یان "حاجی" بەلفوور.**

جا لەبەرئەوەی سەرکردە دەرەبەگەکانی دەوڵەتە عەرەبەکان، کە خۆیان بەزل و خاوەن ماف و خەڵکی دیش بە پچووک و بێڕێز وبێماف تەماشا دەکەن، ئەوا بڕیاری کۆمەڵەی نەتەوەیەکگرتووەکانیان پەسند نەکرد و، پێنج دەوڵەتی عەرەب، کە یەکێکیان عێراق بوو، بانگی جەنگیان دا دژی ئیسرائیل و، بەوە نەیانهێشت فەلەستینییەکان سووت لەو بڕیارە وەربگرن و دەوڵەتێک بۆ خۆیان بخەنەسەرپێ، کە بێگومان ئەودەمە، ئەگەر ئەوە بکرایە، ئەوا ئیسرائیل لەسنوورێکی یەکجار تەسکدا دادەمەزرا، بەڵکو، کەوتنە هاندانی جەماوەرە خێڵەکییە ناهۆشیارەکانیان و، بەنێوی "پاراستنی ئاورووی نەتەوەی عەرەب و ئیسلام"ەوە، بانگی تەفروتوونەکردنی جوولەکە، بەقسەی وان، **"بۆگەنە بێژییەکان"** یان دا و، ئەوەبوو ئەم فسفسپاڵەوانانە، شەڕەکەیان نەبردەوە، چۆنکە جووەکان، خۆیان لەوەپێش باش تەیارکردبوو، لەبەرئەوە، عەرەبەکان ناچاربوون لە ١٩٤٩دا شەڕ بووەستێنن و کێشەکە بەبێ چارەسەریی، بۆ رەشورووتی فەلەستینی بهێڵنەوە، ریشی خۆیان سەلامەت، بەڵام وەک دەمڕاستی هەڵنەبژێردراوی فەلەستینییەکان، لەفەرمانڕەواییدا مانەوە، خۆ قسەی بێگوومرکیش ئەوە هەرمەپرسە. بە هەزاران فەلەستینیش بوونە خێوەتنشین و ژیانی کولەمەرگییان بردەسەر هەتا ئەورۆ کە ئەوە بووبە شەست ساڵی رەبەق. ئیسرائیلیش پاش ئەم سەرکەوتنە، کەوتە پرۆپاڵانتەی شۆڤێنیزم و فراوانخوازی و خۆبەزلگرتن و نەخشەیەکی دەستکردی بۆ ئیسرائیل دروستکرد کە سنوورەکەی لە **"فراتەوە تا نیل"**ی دەگرتەوە (واتە بەشیکی کوردستانیش) و، ئەم نەخشەیەش ساڵانی ساڵ لە پەرلەمانی ئیسرائیلدا هەڵواسرابوو.

ئەم بارودۆخە نالەبارە، نەشەڕ نەئاشتی، بە بەرژەوەندیی ئیسرائیل شکایەوە. ئیسرائیل توانی، لەگەڵ تێپەڕبوونی کات، خۆشی بەهێزبکات و سەرزەوییەکەشی فراوانتربکات. هەرچەندە لەشەڕی دەستدرێژکەرانەی ١٩٥٦دا، کە، ئیسرائیل بەهاوکاریی بەریتانیا و فەڕەنسا، پەلاماری کەناڵی سوێسیاندا، کە لەلایەن عەبدولناسرەوە (١٩١٨-١٩٧٠) کرابوو، بە موڵکی میسر، هەرسێکیان، بەهۆی هەڕەشەی سۆڤێت و، نەرمونیانی نواندنی ئەمریکاوە و، لەژێر گوشاری هەلومەرجی هەڵبژاردنی سەرکۆماری ئەمریکادا، ناچاربوون بە دەستی ڤالا بکشێنەوە و، ئیسرائیلیش لەڕووڕەشبوون پتر، هیچی دەستنەکەوت، بەڵام لەشەڕی شەش ڕۆژەی ساڵی ١٩٦٧دا، کە ئەمجارە عەرەبەکان، بە هاندانی سووریا، بۆ تۆڵەسەندنەوە لەئیسرائیل، پەلاماری ئیسرائیلیاندا، ئیسرائیلیش توانی نیوچەی سینا و ریتاڵەزەویی غەززە و بەرزاییەکانی گۆلان داگیربکات، بەڵام ئەمە بوو بە ئێسقانی ماسی لەگەرووی ئیسرائیلدا. دەوڵەتە عەرەبەکانیش ناچاربوون، سەر بۆ کاری کراو شۆڕبکەن و هەریەکەیان ئەوی دیکەی گوناهبار دەکرد. تەنێ جەمال عەبدولناسر لەنێویاندا مەرد دەرچوو. بە ئاشکرا و لەکۆبوونەوەیەکی یەکجار گەورەدا گوتی: شەڕمان دۆڕاند و بەرپرسیارێتی دەگرمە ئەستۆ و، ئەوا دەست لەکار دەکێشمەوە. ئەو سەردەمەم باش لەبیرە، لەزانستگەی ڤیرتسبورگ (ئەلمانیای ڕۆژاڤا) دەمخوێند. هەموو ڕۆژێک بەهۆی ڕۆژنامە و ڕادیووە، دوای دەنگوباسەکان دەکەوتم. خۆم لەرادیۆدا گوێم لێبوو کە **جەمال عەبدولناسر** ئەم قسەیەی کرد، بەڵام بە هەزاران دەنگ هاواریان دەکرد: "نا، نا... لەسەرکاری خۆت بمێنەرەوە". کەچی ڕادیۆی ئەردەنی شا حسەین، کە ئیسرائیلی بە "دوژمنی خوا و پەیامبەر" دەدایە قەڵەم، هەر دووقسەی دەکرد و دەیگوت: "الويل لاعداء الله" (قوڕبەسەر دوژمنانی خوا). جا کە هەر زوو دەرکەوت قوڕەکە بەسەری کێوەوەبوو. دیارە کە "دوژمنانی خوا!" کێبوون! **هێزای گۆتنە، بەر لەوەی میسر و سووریا و ئەردەن و عێراق، بانگی جەنگ دژی ئیسرائیل بدەن، سەرکردە لەشکرییەکانی عێراق ( کە ئەوسا عەبدولڕەحمان عارف سەرکۆماری عێراق بوو) چووبوونە لای مەلا مستەفای بەرزانی و، داوای ئەوەیانکردبوو لێی، چەند هەزار پێشمەرگەیەک بنێرێ بۆ شەڕی ئیسرائیل. ئەویش پێیگوتوون: "ئەوە ناکەم و ئێوەش مەچن بەگژ ئیسرائیلدا، چۆنکە دەرەقەتی نایەن و، ئەودەمە ئاوڕووی خۆتان و عەرەب و هەموو موسڵمانان دەبەن". پێیانگوتبوو: "دەباشە وەک نیشانەیەکی بەشداریی، نوێنەرێکی خۆت بنێرە"، گوتبووی "باوەڕم بە نیشان و میشان نییە و ئێوەش شەڕ مەکەن". کە گەڕابوونەوە بەغدا، کردیان بەهەرا، "مەلامستەفا نۆکەری ئیسرائیل و جەردە و ڕێگرە". کە شەڕ کۆتاییهات بە تێکشکانی عەرەب، جارەکی دی چووبونەوە لای مەلامستەفا، ئەمجارە بۆ ڕاوێژکاری، ئەویش گوتبووی: "سەیرە، مرۆڤی ئازاو بوێری وەک ئێوە، هاتووە لەجەردە و ڕێگر و نۆکەری ئیسرائیل ڕاوێژ وەربگرێ". ئەم هەواڵە ڕۆژنامەکانی ئەوروپا بڵاویانکردەوە.**

**(سەرنجی: جەمال نەبەز: "کوردستان و شۆرشەکەی" چاپی ئەڵمانی ١٩٧٢، چاپی کوردی ١٩٨٤ی سوید و، ٢٠٠٧ هەولێر).**

پاش شەڕی **"شەش ڕۆژە"** و، ناهومێدیی فەلەستینییەکان لە **"برا عەرەبەکانیان"**، بیریان لەدامەزراندنی لەشکرێکی سەربەخۆیان کردەوە لە ١٩٦٩دا بە سەرۆکایەتی **یاسر عەرەفات (١٩٢٩-٢٠٠٤)** کە سەرکردەی **"ڕێکخراوی فەتح"** بوو، حیزبەکانیان چوونە ژێر چەتری "ڕێکخراوی رزگارکردنی فەلەستین"ەوە (PLO). ئێدی لەوساوە، شەڕە بەردی منداڵانی فەلەستینی دژی سەربازی ئیسرائیلی و، دەستوەشاندن لەئیسرائیلییەکان لەلایەن فەلەستینییەکانەوە، بە تایبەتی لەڕێی سنووری خوارووی لوبنانەوە دەستیپێکرد. فەلەستینییەکانی ژێردەستەی ئیسرائیل کەوتنە ڕاپەڕین (انتفاضة) و لەوەوە شۆرشی فەلەستینییەکان دژبە ئیسرائیلی داگیرکەر بڵێسەی سەند.

فەلەستینییەکان، کە بەدزییەوە لەڕێی لوبنانەوە (کە بەهۆی شەڕی نێوخۆییەوە کە لە١٩٧٥دا دەستیپێکرد، لەنێوان میلیشیا دیانەکان و میلیشیاکانی "ئەمەل" و "حیزبوڵڵا" و فەلەستینییەکاندا، دەچوونە نێو ئیسرائیل و لەوێ دەستیاندەوەشاند، ئەمە لەلایەن ئیسرائیلەوە کرا بە بیانوویەک و لە١٩٨٢دا لەشکری ئیسرائیل کشایە نێو لوبنان و، سەرۆکی PLO یاسر عەرەفاتی ناچارکرد، ڕووبکاتە مەراکیش. لوبنان، لەناچاریدا، بڕیارنامەیەکی لەگەڵ ئیسرائیل واژۆکرد، بەڵام لەژێر هەڕەشەی سووریادا، لەساڵی ١٩٨٤دا لەبڕیارنامەکە پەژیوان بووەوە. لەگەڵ ئەوەشدا، ئیسرائیل لەساڵی ١٩٨٥دا لەژێر گوشاری نێونەتەوەییدا، لوبنانی بەجێهێشت، بەڵام ریتاڵێکی لەخوارووی لوبنانەوە دایە دەست "لەشکری باشووری لوبنان" کە سەر بە ئیسرائیل بوو. کە ئیسرائیل ساڵی ٢٠٠٠ پشتی "لەشکری باشووری لوبنان"ی بەردا و، لەشکریش "ئاشبەتاڵ"ی کرد، لوبنان کەوتە دەست حیزبوڵڵا و حیزبی ئەمەل (امل) ی شیعە. لەساڵی ٢٠٠٤ یشدا، ئاریێل شارۆن، سەرۆکوەزیرانی ئیسرائیل، کە کابرایەکی تەنگەتیلکە و دژ بە گەلی فەلەستین بوو، ناچار بوو لەشکرەکەی لەغەززە بکێشێتەوە و، "دیوارێک" لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستینییەکاندا دروستبکات. پاشان غەززە، لەهەڵبژاردنێکی ئازاددا کەوتە دەست "حەماس". پشتگیریی "ئێرانی ئیسلامی" بۆ فەلەستینییەکان و موسلمانە تەنگەتیلکەکانی دژ بە ئیسرائیل، بە چەک و بە پارە و ڕاهێنان، حیزبوڵڵای لوبنانی هاندا، کە لەخاکی لوبنانەوە راکێت بگرێتە ئیسرائیل. ئەمە بوو بەبیانووی ئەوەی ئیسرائیل لەساڵی ٢٠٠٦دا، شەڕێکی قورس دژ بە حیزبوڵڵای لوبنان بگێڕێ، کە هەرچەند بە کاولکردنی بەشێکی لوبنان و، ڕشتنی خوێنی گەلێک کەسی بێگوناه، تەواوبوو، لەنێویاندا ٤٠ کرێکاری کوردیش، بەڵام ئەو کارە هیچ سووتێکی نەخستە دەست ئیسرائیل و وێنەی ئیسرائیلی لەجیهاندا بەتەواویی شێواند.

بەڕاستی، ڕێکەوتێکی زۆر سەیرە، لەکاتێکدا کە "ئێرانی ئیسلامی" لەڕێی سەرکۆمارەکەیەوە، ئەحمەدی نەژاد دەیەوێ دەوڵەتی ئیسرائیل هەر بەجارێک لەنێوببا، کەچی ڕژێمی ئیسلامیی،

ترک، خۆی کردووە بە "کۆتری ئاشتی" و بەنێوی نێوبژێکردنەوە لەنێوان ئیسرائیل و فەلەستین و، ئیسرائیل و سوریادا، نێوبانگێکی بۆ خۆی وەک "وەستای دیپلۆماسێتی" دابینکردووە، دیارە رژێمی ترک، ئەمە بۆ ئامانجی مرۆڤدۆستانە ناکات، بەڵکو پێویستی بە یارمەتی ئیسرائیل هەیە لەدژی کورد و، لەم رێیەشەوە توانیوێتی کەڵکێکی زۆر لەئیسرائیل وەربگرێ، چ لەبواری سوپایی و چ لەبواری تەکنیکی و چ لەبواری هەواڵگوزارییەوە. هەر لەرێی ئیسرائیلەوە بوو، رژێمی ترک توانی لە١٩٩٩دا؛ ئاپۆ ئۆجەلان، سەرکردەی پێ.کێ.کێ، بەشێوەیەکی تیرۆریستانە لەکینیا بفرێنێ و بیبا بۆ ئەنقەرە. بۆ ئەم کارە قێزەونە؛ دەبوو ئیسرائیل دەجار بیربکاتەوە، بەرلەوەی دەست بۆ تاوانێکی وا گەورە ببات و، برینێکی وا کوور بکاتە هەناوی کوردەوە. مەبەستم لەمەدا، لەسەرکردنەوە و بەرگری بۆ ئاپۆ و حیزبەکەی نییە، بەڵام ئەمە خەنجەرێک بوو لەپشتەوە درا لەکورد. کە کوردەکانی بەرلین، لەبەردەم سەفارەتی ئیسرائیلدا لەبەرلین، بێزاری خۆیان بەرامبەر بەم تاوانە دەربڕی، کاربەدەستانی سەفارەتەکە، چوار کوردیان لەپشتەوە بە گوللە کوشت، کە یەکێکیان کچێکی گەنج بوو و، هیچ یەکێکیشیان چەکی پێنەبوو. بە ئاگاداریی حکوومەتی ئەڵمانیا، ئەو چوار تاوانبارە دەربازبوون بۆ ئیسرائیل، بەبیانووی ئەوەوە، کە ئەمانە گوایە دیپلۆماتن. وادیارە دیپلۆمات مافی خوێنڕشتنی کوردیان هەیە. (**جارێکیشیان دیپلۆماتێکی ترک لەنێو خانووی سەفارەتخانەی رژێمی ترکەوە لە سویسرە، گوللەی ئاراستەی خۆپێشاندەرێکی کورد کرد، کە لەسەر شەقامی دەرەوەی سەفارەت بوو. دەوڵەتی سویسرە لە تووڕەیی بەولاوە گوێی کەسی نەگرت**).

**نەتەنیاهوو، سەرۆکوەزیرانی ئەودەمەی رژێمی ئیسرائیل**، پەسنی ئەو تاوانکارانەی کاربەدەستانی جووی داو گوتی: "**فەرمانی سەرشانی خۆیان بەباشی بەجێهێناوە**". بێجگە لەوەش نەتەنیاهوو، بە پەیامنێری رۆژنامەی "الحیاة"ی گوت، کە جەنابی "دژی دامەزراندنی دەوڵەتێکی کوردیە". ئەمەش لەکاتێکدایە کە دەوڵەتەکەی خۆی لەبەردەم مەترسی نەماندایە لەنێو سەتان ملوێن عەرەب و ملیارێک موسلماندا.

رژێمی ئیسرائیل، ٢٣ گرێبەندی جۆر جۆری لەگەڵ رژێمی ترک بەستووە کە هەموویان دژ بە ئازادیی کورد و کوردستانن. ئەمەش لەکاتێکدایە، کە کورد، نەک هیچ خراپەیان بۆ ئیسرائیل و جوو نەبووە و نییە، بەڵکو زۆر یارمەتیشیان داون. بەهۆی کوردەوە، هەزاران خێزانی جووی عێراق و ئێران، لەرێی نێوچەکانی پێشمەرگەی کوردستانەوە، توانیویانە لەو دوو وڵاتە رابکەن و لەمەترسیی کوشتن بەدەستی رژێمەکانی عێراق و ئێران رزگاریان ببێ، بەڵام وا هوردە هوردە دەردەکەوێ کە رژێمی ترک دۆستی رژێمی ئیسرائیل نییە، بەڵکو هاورێی دەستکەوتی خۆیەتی. کاتێک کە ئارێل شارۆن، سەرۆکوەزیرانی رژێمی ئیسرائیل، لەمانگی تەباخ (ئاب) ی ٢٠٠١دا چوو بۆ سەردانی "هەڤاڵبەند"ە ترکەکەنی لەئەنقەرە و لەبەردەم بولەنت ئێجەڤیتی سەرۆکوەزیرانی ئەودەمەی رژێمی ترکدا کەوتە باسی "تیرۆری کورد"، وایدەزانی کە رژێمی

تـرک پاداشـتی ئـەوپـشتگیرییەی بـە پـشتگیریی ئیـسرائیل دژ بـە "تیـرۆری فـەلـەسـتینی" بـۆ دەژمێرێتـەوە. بـەڵام کاربـەدەسـتانی تـرک، یـەک وشـە چییـە، لـەدەمیـان نـەهاتـەدەرێ، دژ بـە فـەلـەسـتینییەکـان. ئـەزژی لـەم بـارەیـەوە، لـەژمـارەی رۆژی ٢٠٠١/٨/١٧ی رۆژنامـەی **"الـشرق الاوسط"** دا کە یەکێکە لەڕۆژنامە هەرە پڕخوێنەرەوەکانی عـەرەب، وتارێکم بڵاوکردەوە لـەژێر نێوی "من یخدع من؟" **(کێ، کێ دەخڵەتێنێ؟)** کە هـەفتـەنامـەی "میدیا" لـەهـەولێر لـەژ. ١٠٤ی ٢٠٠١/٩/١ دا لـەژێر نێوی **"کێ، ئـەوی دیکە دەستخەڕۆ دەکات؟"** کردبووی بە کوردی. لـەو وتارەدا ئەوەم خستبووەڕوو، کە ئیسرائیلییەکان، پێیانوابوو، دەتوانن بەدوژمنایەتیکردنی کورد، رژێمی ترک تەفرەبدەن و بیکەنە دوژمنی فەلـەستینییەکان، بـەڵام دەرکـەوت کـە رژێمی تـرک ئەوانی تەفرەداوە. بەتێپەڕبوونی کات دەرکەوت ئەو پێشبینییەم راستدەرچووە. ئەوە بوو، کە ئەردۆخانی ئیسلامیست بووبە سـەرۆکوەزیرانی رژێمی تـرک هـەروەک ئێجـەڤیتی کـەمالیست، بەڵام ئاشکراتر، کەوتە وێزەی ئیسرائیل. ئەردۆخان، بەرلەوەی ببێتە سـەرۆکوەزیران، شـارۆنی بە "تیرۆریست" دایە قەڵەم. شـارۆن ئـەوکـەسـەیە کـە تـاوانی کۆمـەڵکوژیی لـەفـەلـەسـتینییەکانی پەناگەی پەنابەرانی سابرا و شەتیلا دەکەوێتە ملی.

**ئەردۆخان،** لەکۆنفرانسی Davos لە ١/٣٠ دا بەرەوڕوو بە شیمۆن **پێرس، سەرۆکوەزیرانی رژێمی ئیسرائیلی** گوت **"ئەوەی ئیسرائیل لەغەززەدا دەیکات، تاوانە و کارێکی نامرۆڤانـەیە"** و گوتی: **"ئیسرائیل باش دەزانێ چۆن زارۆ بکوژێ"**. ئەوجا کە ڕێینەدرا درێژە بە قسەکانی بدا، بـە تـووڕەییـەوە کۆنفرانـسەکـەی بـەجێهێشت و گـوتی: "جـارێکی دی نایـەمـەوە داڤـۆس". کـە گـەیـشتەوە فڕۆکـەخانـەی ئـەنقـەرە، شـەوێکی درەنـگ و بارانـاوی بـوو، بـەڵام هـەزاران تـرک لەچاوەڕوانیدابوون و، وەک "پاڵەوان" بەخێرهاتنەوەیان کرد. ئەمەش کەسایەتییەکی بەهێزی بۆ ئەدرۆخان لەنێو ترکەکان و عەرەب و موسلمانەکاندا دروستکرد و، زەنگێک بوو بۆ ئەمەریکا و ئەوروپا و ئێرانیش کە کێشەی فەلەستین بێ یارمەتی رژێمی ترک، بەرەوپێشەوە ناچێ.

هیـچ سـەیرنییە کـە **شـیمون پێرس،** بـەرامبـەر بـەو تۆمـەتبارکردنـەی لـەلایـەن ئـەردۆخانـەوە، پێینەگوت: **"ئێی باشە، کە تۆ وا لەسەر فەلەستینییەکان دەکەیتەوە و کردەوە سـەربازییـەکانی ئێمە بە "تاوان" و "نامرۆڤانـە" و "زارۆکوژی" دادەنێیت، ئـەی بۆچی جـەنگت هـەڵگیرسـاندووە لـەدژی کـورد و هـەزاران کـورد دەکوژیت و رۆژانـە قـەندیل بۆمبابـاران دەکـەیت؟"**. پێرس، مردووی بـەشـی زیندووخۆری، چـەرمی دەموچاو چـەندجار عـەمـەلیاتی جوانی کراو، ئـەوەی نەگوت و ناشتوانێ ئەوە بڵێت؛ چۆنکە رژێمەکەی خۆی هاوکاری رژێمی ترکە لـەشـەڕفرۆشـتن بـە کـورد و پـەلامـاردانی قـەندیلـدا، چ بـەسـیخوڕی کـردن بـەسـەر کـوردەوە، بـەهـۆی فڕۆکەسیخوڕەکانییەوە کە بەسەر قەندیلدا دەفڕن و هـەواڵ دەگـەیـەننە لـەشکری تـرک و، چ بـە یارمـەتی تـەکنیکی سـەربازی و دیپلۆماسی. شـایانی باسـە، هـەر رژێمـی ئیـسرائیل بـوو کـە لەبەرخاتری رژێمی ترک نەیهێشت ئەمەریکا و ئەلمان دانبنێن بە گەلکوژیی ژۆن ترکەکان

لەئەرمەنەکان لە١٩١٥دا. بێگومان، ئەورۆ ڕژێمی ترک دەتوانێ واهەست بکات کە ئێدی کاری بە ڕژێمی ئیسرائیل نەماوە و خۆی کردووە بە دۆستی عەرەب و موسلمانان. سەرکەوتنێکی دیکەی ڕژێمی ترک ئەوەیە، کارێکی وایکرد کە چارەی ئیسرائیل لای کورد بەجارێک ڕەشبکات و، کورد والێبکا ئیسرائیل بە دوژمنی خۆیان بزانن و باوەڕنەکەن پێی.

بەڕاستی، ئەز باوەڕمنەدەکرد، کە سەرکردەکانی ئیسرائیل، لەباری ڕەوشتەوە، هێندە سپلە و پێنەزان و ناسوپاس و، لەباری ڕامیاریشەوە هێندە ناشی و کورتبین بن لەهەڵسوکەوتیاندا بەرامبەر بە کورد. لێ مخابن، وانەبوو. لەوتارێکدا کە لەژ. ٣٢٩ ی ڕۆژی ٢٠٠٨/٣/٤ی هەفتەنامەی "میدیا" دا لەژێر نێوی "دوژمن بچوکیش بێ، دەتوانێ کاری گەورە بکات"، گوتم؛ هەتا ئێستە پێموابوو هەر ئێمەی کورد (لەڕامیاریدا) نەزان و گەمژەین، بەڵام وادیارە کە لەئێمەش نەزانتر و گەمژەتر ئیسرائیلییەکانن". ئەم قسەیەش زۆر بەداخەوە ڕاستدەرچوو. ئەوەتا هەڵوێستی ئیسرائیل بەرامبەر بە کورد، کارێکی وایکرد کە بەهەزاران کورد دەچنە سەر شەقامەکانی کوردستان و دژی دەستدرێژیی ئیسرائیل لە غەززە خۆپێشاندان دەبەن بەڕێوە و، تەلەفیزۆنی "ئەلجەزیرە"ش بە ئاوتاوەوە پێشانی ملوێنان عەرەبی دەدات کە دیارە، بێزاریدەربڕین بەرامبەر بەزۆرداریی، لەهەر لایەکەوە بێ، کارێکی ڕەوایە. بەڵام کورد، غەززە و قەندیل دەبەستن بەیەکەوە، چۆنکە ڕژێمی ئیسرائیل لەگەڵ ڕژێمی ترک لەپەلاماردانی قەندیلدا بە بەشدار دەبینن، بێئەوەی کورد هیچ زیانێکیان بە ئیسرائیل گەیاندبێ.

ڕژێمی ئێران، کە بەئاشکرا بۆ نەهێشتنی ئیسرائیل تێدەکۆشێ، هەڵوێستی ئەردۆخانی زۆر "بەرز" ڕاگرت. **ئایەتوڵڵا مەکاریمی شیرازی** کە ئاخوندێکی سەر بە ڕژێمی خامەنەییە گوتی: ئەگەر کاربەدەستانی خەلاتی ئاشتیی نۆبێل، ویژدان و ئازایەتییان تێداهەبێ، دەبێ خەلاتی نۆبێلی ئاشتیی ئەمساڵ بدەن بە "ئەردۆخان". ڕۆژنامەی **"بەرلینەر مۆرگن پۆست"** ی ئەڵمانیش، لەڕۆژی ٢٠٠٩/١/٣١ (ل ٣) دا دەنووسێ: **"گەلی (ترک) بەزۆری، ئیسرائیل وەک دەوڵەتێکی تاوانبار دەبینێ"**.

ئەوەش دەزانین کە ڕژێمی ئیسلامیی ئێرانیش، ڕۆژانە لەپاڵ ڕژێمی ترک و ئیسرائیلدا، بەشدارە لەپەلاماردانی قەندیل و کوشتنی ڕۆشنبیرانی ڕۆژهەلاتی کوردستاندا.

ئەوجا پاش ئەوەی ساڵانێکە ڕژێمی ئیسرائیل یارمەتیی ڕژێمی ترک دەدا بۆ سەرکوتکردنی کورد، تازە بەخێرێ، ڕۆژنامەکانی ئیسرائیل وەک **"جێرۆزەلیم پۆست"** و **"هائارێتس"** لە ٢٠٠٩/٢/٦ دا، باسی ئەوە دەکەن کە **"ڕژێمی ترک هەزاران گوندی کوردی سووتاندووە و کوردی دەربەدەرکردووە و دەبێژن ترکیا مێژوویەکی ڕەشی هەیە"** و **"هاناریتس"** دەفەرموێ **"دووڕوویی ئەردۆخان نابێ پێوەندییەکانی نێوان ترکیا و ئیسرائیل تێکبدا"**. بەڵام ئەوە باسناکەن کە ڕژێمەکەی خۆیان، دەمێکە دەستی لەدەستی ئەو ڕژێمە خاوەن **"مێژوو ڕەشە"** دایە و، دڵنیاشبن کە کورد ئەو قسانە ناکرێ لێیان، چۆنکە ئەوەتا سەرکردەیەتیی لەشکری

ئیسرائیل داوای لێبوردنی لەڕژێمی ترک کرد، بەرامبەر بەوەی یەکێک لە سەرکردەکانی لەشکرەکەی باسی دەستدرێژیی رژێمی ترکی کردووە بەرامبەر بەکورد.

**تێبینی:**

**هیوادارم کە خوشک و براکوردەکانی ئیسرائیل ئەم وتارە هەروەک خۆی، بێدەستکاری وەربگێڕنە سەر زاری عیبری و، بیدەن بە ڕۆژنامە گەورەکان و کەسایەتییەکانی ئیسرائیل و، زۆر سوپاس.**

**بەرلین ۲۰۰۹/۳/۱۷**